هەرێمی کوردستان/عێراق

دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای بەرایی سلێمانی/

Judicial Council

ژمارە: ١٨٥٦ / ب / ٢٠١٧
ڕێکەوت: ١٥ / ٤ / ٢٠١٨

---

ڕۆژی ١٥ / ٤ / ٢٠١٨ دادگا پێکهات لەدادوەر بەڕێز/ کە ڕێگەپێدراوە بەدادوەریکردن بەناوی گەلەوە، ئەم بڕیارەی دا:

**داواکار:** ن , ح , ت

**داوالەسەرکراوان:** ١- ط , ح , ت ٢- ە , ر , ح ٣- ك , ط , ح .. بریکارەکانیان پارێزەر/

داواکار لەم داوایەدا ئەڵێ گرێبەستی هاوبەشێتی بەشێوەی زارەکی لەگەڵ داوالەسەرکراوی/١ دا هەبووە بەڕێژەی ٢٠% بۆ ماوەی نێوان ١٩٩١/٦/١ تا ٢٠١٧/٦/١ بۆ ئەو هابەشیەش بڕی شەش ملیۆن دۆلاری ئەمریکی داوە بە داوالەسەرکراوی/١ ، بۆیە داواکارە گرێبەستی هاوبەشێتی نێوان داواکار وداوالەسەرکراوی /١ بەو شێوازەی لەداواکەدا هاتووە بچەسپێنرێ وپاشان داوای قازانجی ئەو ماوەیە دەکا کە بەچوار ملیار دینار ئەیخەملێنێ، هەروەها داواکارە گرێبەستی هاوبەشیەکە هەڵبوەشێنرێتەوە.. دادبینیکردنی ئاشکرای ڕووبەڕوو سازدرا، لەدادبینکردنی ٢٠١٧/١١/٦ بریکاری داواکار ڕاپۆرتێکی ڕوونکردنەوەی سێ پەڕەیی بۆ دادگا خستەڕوو تایبەت بوو بەجۆری پەیوەندی نێوان داواکار وهەر سێ داوالەسەرکراو وباسی جۆری هابەشیەکەی تیادا بوو.. بریکاری داوالەسەرکراوان (دەفعی) بەوە کرد کەپرسی چەسپاندنی هاوبەشێتی پەیوەندە بەدادوەرێتی خێرا (القضاء المستعجل)ەوە، کاری دادگای ئاسایی نیە، هەروەها (دەفعی) کرد بە بەسەرچوون (التقادم).. دواتر بریکاری داواکار لە ٢٠١٨/١/٣٠ داوایەکی دا بەدادگا وتیایدا داوای کرد داواکەی قەتیس بکرێ (بەسەلماندنی گرێبەستی هاوبەشی نێوان داواکار وداوالەسەرکراوی/١) وچاوپۆشی کرد لەداواکاریەکانی تری ناو عەریزەی داواکە وەک داوای ئەو چوار ملیارەی کە وەک بەشە قازانج داوای کردبوو لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە، هەروەها لەدادبینیکردنی ٢٠١٨/١/٣١ بۆ جارێکی تر بریکاری داواکار ووتی کاردارم ئەم داوایە قەتیس دەکا تەنها بەسەلماندنی هاوبەشێتیەکە وچاوپۆشی دەکا لەداوای ژمێریاری (المحاسبة) لەگەڵ داوای هەڵوەشاندنەوەی هاوبەشیەتیەکە، هەروەها داوای پووچەڵکردنەوەی داواکەی کرد دەرحەق بەداوالەسەرکراوانی دووەم وسێیەم، هەر بۆیە دادگا لەکۆنوسی ئەو دادبینی کردنەدا لەسەر داوای داواکار داواکەی دەرحەق بەداوالەسەرکراوانی دووەم وسێیەم پووچەڵ کردەوە.. لەسەر ئەوەی باسکرا وە لەبەر ئەوەی یەکێک لەمەرجەکانی داوا (الدعوى) داوای پابەندکردنی لایەنی بەرامبەرە بەکارێک یان بەپێدانی شتێک، واتە ڕەگەزی پابەندکردن (الالتزام) دەبێ بوونی هەبێ، هەروەک لەپەرەگرافی کۆتایی ماددەی ٤ ی یاسای دادبینیە شارستانیەکاندا هاتووە کە دەبێ داوالەسەرکراوی ڕکابەر لەدەرئەنجامی ئەو حوکمەی دژی دەرئەچێ ئەبێ پابەندکردنێکی تیادا بێ وپابەند بکرێ بەکارێک یان بەپێدانی شتێک.. وەلەبەر ئەوەی ئەم داوایە قەتیس کراوە تەنها بەچەسپاندنی هاوبەشێتی ولەلایەن بریکاری داواکارەوە چاوپۆشی کرا لەداواکردنی ژمێریاری (المحاسبة)، وەلەبەر ئەوەی ناکرێ داوایەک ببینرێ لەدەرەوەی پابەندکردن، وەلەبەر ئەوەی بەتەنها چەسپاندنی هاوبەشێتی هیچ پابەندکردنێکی تیادا نیە، وە لەبەر ئەوەی ئەم داوایە مەرجەکانی داوای تیادا نیە.. لەبەر ئەو هۆیانە، بۆیە دادگا لێکۆڵینەوەی لەداواکە نەکرد لەڕووی بابەتیەوە، بەڵکو کە بینرا مەرجەکانی داوا لەم داوایەدا نیە، بۆیە لەسەر داوا دادگا بڕیاری دا بە ڕەدکردنەوەی داوای داواکار بەهۆی نەبوونی مەرجەکانی داوا، هەروەها بڕیاردرا کە تێچووی داواکە وکرێی ماندوویەتی پارێزەرایەتی بۆ بریکاری داوالەسەرکراوی/١ پارێزەر بەبڕی ٧٥٠٠٠ حەوت سەد وپەنجا هەزار دینار لەسەر داواکار بێ.. ئەم بڕیارە بەشێوەی ئاشکرای ڕووبەڕوو دەرکراوە پشت بەست بەئەحکامی ماددەکانی (٤ ، ١٦١، ١٦٦، ٢٠٣) لەیاسای دادبینیە شارستانیەکان ومادەی ٣٥ لەیاسای پارێزەرایەتی کە بڕیارێکی شیاو بەتێهەڵچوونەوە وپێداچوونەوەیە. وەبەئاشکرا ڕاگەیەنرا لە ٢٠١٨/٤/١٥

دادوەر